# مستەفا چاوڕەش: یەکێتی لە پشدەر هەر یەکەمە



مستەفا چاوڕەش

ئا: یەحیا بەرزنجی

ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی مستەفا چاوڕەش لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا سەبارەت بەگرنگی ئەم هەڵبژاردنە دەدوێتو دەڵێت "١٠٠٪ دڵنییام، سەرکەوتن بۆ یەکێتی دەبێت".

**ئاوێنە:** هێزی پێشمەرگە لەم کێبڕکێی هەڵبژاردنەدا دەتوانن بێلایەن بن یان لەکاتی دەنگداندا فشاریان بۆ ناهێنرێت کە دەنگ بەلایەنێکی دیاریکراو بدەن؟

**مستەفا چاوڕەش:** هێزی پێشمەرگە هیچ دەستێوەردانێکی نابێت بۆ سەر بارودۆخەکە پێش هەڵبژاردنو دوای هەڵبژاردنیش، هەر پێشمەرگەیەو مافی خۆیەتی دەنگ بەهەر لیستێک دەدات، بەڵام دیارە لەملاولا قسە زۆر دەکرێت لەسەر ئەم هێزە کە بەرنامەی چییە لەکاتی هەڵبژاردنەکان، بەدڵنیاییەوە ئێمە هیچ تەدەخولێک ناکەین، بۆ دەنگدان وەکو خەڵکی تر بەشداری دەکەینو زۆریش لەکەس ناکرێت کە دەنگ بەلیستێکی دیاری کراو بدات.

**ئاوێنە:** تۆ وەکو ئەندامێکی باڵای یەکێتی ئێستا لەحەوزی بتوێن سەرقاڵی بەبانگەشە کردنەوە بۆ یەکێتی، لێرە وەکو لێپرسراوێکی یەکێتی کار دەکەیت یان وەکو بەرپرسێکی فەرماندەیی؟

**مستەفا چاوڕەش:** من وەکو یەکێتی بەرپرسی حەوزی بشدەرم، ئیشوکاری مەڵبەندو کۆمیتەکان ڕێک دەخەینو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک کۆبونەوە دەکەین، هەروەها لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو ناوچەیە کە هەمووی خەڵکی مەنکوبو ماندون، بۆیان روون دەکەینەوە کە کێ نوێنەرتانە، هەروەها پێشیان دەڵێین کە دەنگ بەلیستی هاوپەیمانی کوردستانیو نوێنەرەکانیان بدەن.

**ئاوێنە:** وەزعی یەکێتی لەناوچەی پشدەر چۆن دەبینی؟

**مستەفا چاوڕەش:** وەزعی یەکێتی لەهەڵبژاردنی رابردووش هەر لەم ناوچانە باش بووە، ئێستا باشتریشە، قەڵادزێ پشتوپەنای یەکێتی بووە لەکاتە زەحمەتەکانی شۆڕش، ئێستاش قەڵای یەکێتییە، لەم ناوچانە سەرکەوتنی باش بەدەست دەهێنینو ئێمەو خەڵکەکەش کەوتووەتە خۆ، کە دەیانەوێت ماڵە گەورەکەی یەکێتی ئاوەدانتر بکەنەوە.

**ئاوێنە:** لەهەڵبژاردنی پێشوو کۆمەڵێ ئاماری هەڵە درایە مام جەلال کە لەئاکامدا وەها دەرنەچوو، تۆ دڵنیایت لەدەڤەری حەوزی بتوێن وەزعی یەکێتی زۆر لەباشیدایە؟

**مستەفا چاوڕەش:** هەموو کەسێک دەزانێ چواردەورو ماڵی خۆی چی تیایە. خەڵکیش لەرابردوو ئەگەر ئاماری هەڵەیان دابێت بەمام جەلال، ئێستا لەهەموو شوێنەکان پیاچونەوە کراوە، بەسلێمانیشەوە، هەموو کەسێک ئەوە بەرجەستە دەکات کە گۆڕانێکی نەوعی هەیە لەمامەڵەکردنی یەکێتی لەگەڵ بارودۆخەکە، خەڵکێکیش غەدریان لەیەکێتی کرد، بەڵام ئەمجارە هاوکێشەکە دەگۆڕێت، من لەناوچەکەی خۆم ١٠٠٪ دڵنییام، سەرکەوتن لێرەو لەشوێنەکانی تریش بۆ یەکێتی دەبێت.

**ئاوێنە:** رات چییە سەبارەت بەوەی پێشمەرگە تا ئێستا هێزێکی لەشکری یەکگرتوو نییە لەکوردستانداو بەمیلیشیا ناودەبرێت؟

**مستەفا چاوڕەش:** کاتێ لەسەر هەمان مەسەلە کۆبونەوەم بەپێشمەرگە دێرینەکان کرد کە خۆپیشاندانیان کردبوو، ئاماژەم بەوە کرد کە ئێمە لەسەر قسەی خۆمان بەرپرسیارین، بەڵام ئەوانە کۆمەڵێ گەنجن کە ماندوبونییان نەچەشتووە، عەزێتی بەعسییان نەدیوە، ئەو دەمەی من ئامر هەرێم بووم لەقەراخ، هەر پێشمەرگەیەک تاقمو تفەنگەکەی بکردایەتەوە سزا دەدراو پاسەوانی زیاتری پێدەکرا، چونکە نەتئەزانی لەکوێدا توشی روبەڕوبونەوەی بەعس دەبیتەوە، بەو شەونخونی چەرمەسەرییانەو ئەو هەموو شەهیدە نازدارانە، ئێستا کەسێک بێت بێحورمەتی بەپێشمەرگە بکات، نەک ئێمە هەر خەڵک لێیقبوڵ ناکات، منیش داوا دەکەم پێویستە سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانیش حەسانە لەو برادەرە بسەننەوە، ئەمە زەهرەو دەیرێژێ. ئەو کاتە دەبوو لێیقبوڵ نەکرایە، کە خۆمو پێشمەرگەکانمان لەم بتوێنەوە لەسەنگەردا بوین لەخانەقین بۆ ئەوەی دیسانەوە خانەقین داگیر نەکەنەوە، ئەم برادەرە وتارێکی نوسیبوو بەناوی "جەنراڵە بێئەستێرەکانن"، راستە ئەستێرەمان نییە، بەڵام شەهادەی میللەتمان هەیە، ئەستێرەشمان نەبوو سەدامان روخانو چەندین نەبەردی ترمان کردووە، ئەو جۆرە کەسانە سەرییان لەو برادەرانەی تری گۆڕانیش شێواندووە، ئەویش با خاوەنی قسەی خۆی بێتو باجەکەشی بدات، ئێمە تەنها پیرۆزییەکمان هەیە کە پێشمەرگەیە، ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێت، ئەو وشەیەش بەعەدنان عوسمانو هاوشێوەی ئەو لەکەدار نابێت.

**ئاوێنە:** پێتوانییە بانگەشەی هەڵبژاردن بەم توندییە مەترسی کەوتنەوەی توندوتیژی لێدەکرێت؟

**مستەفا چاوڕەش:** تەمەنا دەکەم هیچ توندوتیژیو روبەڕوبونەوە رونەدات، هەمومان بەرپرسین بەرامبەر ئاسایشو پاراستنی هاوڵاتییانیـنو چەپڵەش بەیەک دەست لێنادرێت.میدیاکان تکا دەکەم ئەوەندە هەوڵی تەسعیدی شتە بچوکەکان مەدەن، جاری وەهایە کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەیتو خەڵکێک تا مەسئولانە قسە دەکات وات لێدێت دەست بدەیتە تفەنگەکەتو خۆت بەستی بڵێی ئێستا شەڕ دروست دەبێت، بڵێی قەوماوە، "ئەڵێ برۆ ئەمە راپەڕینە، گەندەڵەکان وا لێبکەن شاربەدەرییان بکەن"، نابێ بزانین ئەوە کێیەو کوڕی کێیە، ئەگەر ڕێگەت بەوەدا شتی تریشی لێئەبێتەوە، بە چ هەقێ وا بەمن ئەڵێت، من خۆم خەڵکی سلێمانیم شەوانە ئەگەر لە شاردا بمو کارێکم هەبێت، خۆم لە قەرەباڵەغی دەپارێزم، تەنانەت منداڵەکانیشم وا ئامۆژگاری کردووە کە خۆیان لەو قەرەباڵەغییانە بپارێزن. پێویستە هەموو بۆ هێورکردنەوە هەوڵبدەینو ڕێگە بەو کەسانە نەدرێت کە کێشە دەنێنەوە، بەنموونە "عەدنان عوسمانێ قووت نەکەنەوە کە بە پێشمەرگە بڵێت میلیشیا، برادەر لە دەستوردا پاسەوانی هەرێمە، زۆر لە نمونەی ساڵح موتڵەکو زافر عانیو دلەیمی و ئوسامە نوجێفی، ویستییان پێشمەرگە بکرێتە میلیشیاو بۆیان نەچووە سەر، بەعەدنان عوسمانیش ئەوە ناگۆڕێت".

**ئاوێنە:** هێزی پێشمەرگە لە ئەگەری کەوتنەوەی توندوتیژی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، چۆن مامەڵە دەکات، ئایا پشتیوانی یەکێتیو پارتی دەکات؟

**مستەفا چاوڕەش:** پێشمەرگە هی هەموو خەڵکی کوردستانەو نابێتە تەرەف لەو کێشمەکێشمە، تەمەنا دەکەم هیچ روونەدات، ئەم گفتوگۆیانە بۆ ئەوە نییە کە بچین سەنگەر لەیەکتر بگرین بۆ ئەوەیە کە ڕێگەی باش بدۆزینەوەو چارەسەری ئەو بارودۆخەی پێبکەینو وڵاتەکەمان بپارێزین.

---




## دوو بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری تێکەڵ دەکرێن

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن لەوەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەی هەمان وەزارەت تێکەڵکرانەوە.**

**هەولێر، ئاوێنە:** بەڕێوەبەری پێشووی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن لەوەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان، هەڵگورد عەبدولوەهاب جوندیانی بەئاوێنەی ڕاگەیاند "ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دانەخراوە، بەڵام وەکو ڕێکخستنەوەی هەیکەلی وەزارەت پێشنیارکراوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەکان تێکەڵ بکرێت". ناوبراو وتی "ڕەنگە نەمانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ببێتە هۆی حەسانەوەی هەندێک کەس کە لەناو هەیکەلی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان پشکێکی زۆریان بەردەکەوێت، پیرۆزی ئەو کەسانە بێت کە حەزیان دەکرد بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نەمێنێتو هیودارم بەرەو ئاقارێکی باشتری بەرن".

هەڵگورد عەبدولوەهاب هۆکاری نەمانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ کە خۆی بۆتە بەڕێوەبەر، هەروەها وتی "لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئەو کێشانە گەورە بوون، هەندێک کەس ڕاستەوخۆ لە دروستبوونی کێشە ئیدارییەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتییەکە بەرپرسن، بەشێکی زۆریشی پەیوەندی هەبوو بە گەندەڵیو جیاوازی بیروڕا، بۆیە هەموو هەوڵێکیان ئەوە بووە کێشە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە دروست بێتو بگاتە ئەو ئاستەی کە نەمێنێت".

---

# شیوعی، وەڵامی کاندیدەکەی بزووتنەوە دەداتەوە

**کۆمیتەی قەزای هەڵەبجەی حزبی شیوعی کوردستان، وەڵامی کاندیدەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی لەناو هاوپەیمانی کوردستانی دەداتەوە کە وتبووی "حزبی شیوعی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد".**

**سلێمانی، ئاوێنە:** لەبەیاننامەیەکی کۆمیتەی قەزای هەڵەبجەی حزبی شیوعی کوردستاندا کە وێنەیەکی بۆ ئاوێنە نێردراوە ڕایانگەیاندووە "دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٢٦ کاندیدی ژمارە ١٧ لیستی هاوپەیمانی محەمەد مەلا عەلی لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامی لەکۆڕێکدا حزبی شیوعی کوردستانی تاوانبارکرد بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا"، ئێمەش دەڵێین "هەموو لایەک دەزانین گەلەکەمان دەیان ساڵە خەبات دەکاتو خوێن دەڕێژێت لە پێناو سەندنەوەی ئەو مافانەی بەردەوام لێی زەوتکراوە، ئێستاش لەکاتێکدا کە هەموو گەلی کورد بەخۆشیو شادییەوە ئاهەنگی هەڵبژاردن دەگێڕن، بەڵام ئا لەم کاتەدا لێرەو لەوێ بە هەندێک وشەی دوور لە هاوپەیمانیو نەشیاو بەدۆخی سیاسی حزبی شیوعی لەکەدار دەکرێت لەلایەن هەندێک کەسانەوە کە هەست بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی ناکەنو دۆخەکە لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی خۆیان بەکار دەهێنن".

هەروەها لەبەیاننامەکەدا هاتووە "ئێمە کاندیدی ژمارە ١٧و لیستی کوردستانیو خەڵکی هەڵەبجە دەکەینە شایەت کە هەڵوێستی حزبی شیوعی کوردستان چۆن بووە لە شەڕی عێراق ئێرانو بە شەڕی ناوخۆشەوە".

لە بەیاننامەکەدا ئەوەش رونکراوەتەوە "پێمان سەیرە کە بەڕێزیان بەو جۆرە داخی کەسانی تر بە ئێمە بڕێژێو سوکایەتی بە مێژوو خەباتی پێشمەرگەو خوێنی شەهیدانی ئەم گەلە بکات".

لەکۆتایی بەیاننامەکەشدا ئاماژەیان بەوەداوە "ئەوە ڕاگەیەنراوە کە ڕێو شوێنی یاسای پێویست دەگرنەبەر".

جێگەی ئاماژەیە حزبی شیوعی کوردستانو بزووتنەوەی ئیسلامی، لەناو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندان.

---

